# کیسەڵەکان چەواشە دەکرێن

نووسینی:موئەیەد مەحمود(کاردۆ)

فلیمی کیسەڵەکانیش ئەفرِن کە سێیەم فلیمی درێژی بەهمەنی قوبادییە،چەند رِۆژێك لەمەوبەر لەیەکێك لە سینەماکانی شاری ڤانکۆڤەری کەنەدا نیشان درا،من یەکێك بووم لە بینەرانی فلیمەکە.هەر لە پاش کۆتایی فلیمەکەدا کۆمەڵێك سەرنجم لەلا گەڵاڵە بوو کە بە نیازم وەك لێکۆڵینەوەیەکی رِەخنەیی بۆ فلیمەکە خوێنەری پێ ئاشنا بکەم.لەم گۆشەیەدا ئەمەوێت بە پێچەوانەی زۆربەی زۆری بینەرانی ئەو فلیمە بە جۆرێکی تر هێماو ئاراستەکان و مانا شاراوەکانی پشت رِووداوەکانی بخوێنمەوە.پێش وەخت ئەوە بڵێم کە من دوو خوێندنەوە ئەخەمە رِوو کە یەکێکیان بە قازانجی بەهمەنەو ئەوی تریشیان بەهمەن دەخاتە ژێر باری رِەخنەیەکەوە کە تا ئێستا کەس خۆی لێ نەداوە.رِووداوەکانی فلیمەکە سێ بابەت لە خۆ دەگرن ،یەکەمیان بابەتی دەورو نەخشی داگیرکردنی عێراقە لەلایەن ئەمریکاوە لەسەر خەڵکی کوردستان، دووەمیان چیرۆکی کچە کوردێکی هەڵەبجەییە کە پێ دەچێت لە هەڵەبجە لەلایەن سەربازەکانی عێراقەوە(بەعس)دەست درێژی کرابێتە سەرو بووبێت بە دایکی منداڵێکی کوێر.سێیەمیان کە ئەمەیان چیرۆکی سەرەکی فلیمەکەیە چیرۆکی کۆکردنەوەی مینە لەلایەن کۆمەڵێك مێرد منداڵەوە وەك سەرچاوەیەك بۆ بژێوی .من باز دەدەم بەسەر چیرۆکی یەکەم چونکە هیچ پەیوەندییەکی دراماتیکی نابینم گرێی بداتەوە بە دوو چیرۆکەکەی تر.من ئەمەوێت ئەوە بپرسم بەهمەن لە هەردوو چیرۆکی کۆکردنەوەی مین و چیرۆکی ئاگریندا رِووی رِەخنەی لە کێیە؟کێ تاوانبار ئەکات؟بە مانایەکی تر ئەبێت فاکتەرێك یان چەند فاکتەرێك هەبن چ بۆ پاڵ پێوەنانی ئەو مێردمنداڵانە بۆ ئەنجامدانی کارێکی خەتەرناکی وەك مین کۆکردنەوە وە چ بۆ پاڵپێوەنانی ئاگرین بۆ کوشتنی خۆی و منداڵەکەی.رِەنگە دیدی جیاواز هەبێت لە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەدا،بەڵام ئەوەی کە حەقیقەتێکی سەلماوە ئەوەیە کە حوکمەتی بەعس لە هەردوو مەسەلەکەدا تاوانبارە چ بە چاندنی ئەو مینانە وە چ بە دەست درێژی سەربازەکانی بۆ سەر ئاگرین وەك ئاکامێکی سروشتی پەروەردەو سیاسەت و کردەوەکانی.بەڵام ئەمە تەنها نیوەی حەقیقەتەکەیە نیوەکەی تری شان خاڵی کردنەوەی حوکمەت یان حوکمەتەکانی کوردستانە لە دابین کردنی ژیانێکی هێمن و دونیایەکی منالانە بۆ ئەو منالانە .من ناچمە سەر وورددەکاری ئەو ئەرکانەی کە لەم بوارەدا ئەکەوێتە سەر دەسەڵات،بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەرکی رِێگا نەدان بە سەرهەڵدانی دیاردەیەکی ئاوهای دەکەوێتە سەر.هەرچی ئەگەرِێتەوە بۆ ئاگرین ئەو لە توێژی نەفرەتی کۆمەڵگا دەترسێت،بەڵام لێرەشدا ناکرێت رِۆڵی دەسەڵات لە گۆرِینی کۆمەڵگا لە کۆمەڵگایەکەوە کەنەفرەت لە زۆرێك لە دیاردە سروشتییەکان دەکات و قێزەونانە چاوی لێئەکات بۆ کۆمەڵگایەك کە بە جۆرێکی تر بەها ئینسانیەکان بپێوێت.پرسیارەکە ئەوەیە ئایا بەهمەن درکی بەم حەقیقەتە کردووە؟ئایا ئاگاهانە ئەیەوێت لەودیو وێنەکانی ئەو فلیمەدا ئێمە بەو حەقیقەتانە بگەیەنێت؟ یان بە تاوانبارکردنی دوژمن(بەعس)دەیەوێت شانی دەسەڵات لەم دوو مەسەلەیەدا خاڵی بکاتەوە؟من پێم وایە لە سیناریۆی یەکەمدا کە ئەوەیە بەهمەن ئاگاهانە بیەوێت سەرنجمان بۆ

تێوەگلانی دەسەلات لەم مەسەلانەدا ڕابکێشێت ،ئەگەر لە فلیمەکەیدا ڕاستەوخۆ ئیشارەتی پێ نەکردبێ ئەوە لە چاوپێکەوتن و کۆڕو کۆبوونەوەکانیدا ئەبێت بە جورئەتەوە ئەو حەقیقەتە بدرکێنێت، ئەگەریش وا نییە واتە ئەگەر سیناریۆی دووەم برەوی هەیە ئەوە بەهەمەن کیسەڵەکان لە گەیشتن بە حەقیقەتەکان چەواشە دەکات.ئەرکی سیناریست و دەرهێنەر نییە هەموو گرێو گۆڵەکانی بابەتی تەرح کراو بکاتەوە ،بەڵام ئەرکی ئەوانە سەرە داوەکان بخەنە بەردەستی بینەر.ئاساییە سیناریستێك یان دەرهێنەرێك سەبارەت بە مەسەلەیەك یان دیاردەیەك نەگەیشتبێت بە ئەنجام،بەڵام لەمە بترازێت نابێت ئەوان زەمینەی ئەوە خۆش بکەن کە ئەو بابەتەی دەیخەنە ڕوو لە خوێندنەوەیەك زیاتر هەڵبگرێت بە تاییەتی لەو بابەتانەدا کە دوو بۆچوونی جیاواز هەڵناگرن، چونکە هەموو مەسەلەیەك یەك حەقیقەتی هەیە شاردنەوەی حەقیقەتیش بە لاڕێبردنی بینەرە.

2005-6-3